# مێژوی برنج و بەشیر موشیر

زەردەخەنەیەک



ڕۆژی
16/ئایاری/2015
لەسایتی پێنوسەکان،
وتارێکی بەڕێز

لەچەپەوە: عەزیز عەلی،کامیلی کاکەمین،
رەشید سدقی،ئیحسان شێرزاد،بەشیر موشیر

جەعفەر کەریمیم بەرچاوکەوت سەبارەت مێژوی برنج کە تیایا

ئەڵێ 8200 تا 13500 ساڵ لەمەوبەر لەدەرودوڵی نزیک چەمی پێرڵ لە وڵاتی چین سەرچاوەیگرتوە.

ئەم نوسینە وتەیەکی سەرۆکی فەخریی کورد بەشیر موشیری وەبیرهێنامەوە کە رۆژی 1/ئایاری/1959لەبارەگاکەی خۆی لەسەر شەقامی رەشیدی بەغدا، لە داخی ئەو رێپێوانەی لە 8ی بەیانییەوە تا 12شەو بەبەردەمی ئەودا درێژەی کێشآ بەبۆنەی رۆژی کرێکارانەوەو هەمو بەرپرسە گەورە ورگزلەکان بەشدارییان تیاکرد، وتی:

+مێژوی برنج لای منە.

-چۆن؟

+6500ساڵ لەمەوپێش کابرایەکی شیعە لە چینەوە، تۆوی برنجی هێناو بەمناوەدا بڵاویکردەوە!

ناوی چیبو؟

+ناوی روبێنبو!

-جا کەی ئەو کاتە شیعە هەبو!؟

+هەبو، بەڵام بە خفی ئیشیانئەکرد!

-بۆچی وا تورەیت؟

+لە داخی روبێن. ئاخر ئەگەر ئەو گەوادە نەبوایە، ئێستە ئەم هەمو ئەفەندیانە نەئەبون کە بە برنج ورگیان زلبوەو لەبەیانییەوە مێشکی منیانبرد بە هەیت و هاوارو هەڵپەڕین!!